پارێزگاری هەولێر: هەمو ڕێکارێك بەرامبەر ئەوانەی دەگیرێتەبەر کە ژینگەی پیس دەکەن



ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر رایدەگەیەنێت، هەمو ڕێکارێك بەرامبەر ئەوانەی دەگیرێتەبەر کە ژینگەی پیس دەکەن و بەتایبەت ڕکاری داخستن و دەستگیرکردن و دەشێت، "هەر شوێنێك ببێتە هکاری پیسبونی ژینگەی، لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت و چاوپێشی لەگەڵ ناکرێت".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوکی پارێزگای هەولێر، لەو پێناو جێبەجێکردنی فەرمانی مەسرور بارزانی سەرکی حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پیسبونی کەشوهەوا، بەسەرپەرشتی ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، لەگەڵ دیوانی پارێزگا، کۆبونەوەیەکی تایبەت سەبارەت بەو کێشەی پیسبونی کەشوهەوا و چارەسەریەکان و پاراستنی ژینگەی لەسنوری پارێزگای هەولێر لەگەڵ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجامدرا.

لەو کۆبونەوەکەدا، پارێزگاری هەولێر، سەرجەم لایەنەکانی ڕاسپارد ئەوەی پێویست بێت بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران بیکەن و ژینگەی هەولێر پاك بکرێتەوە و ڕاشیگەیاند، "بەو دواداچون و گرتنەبەری ڕووشونەکان توندتر دەکرێنەوە

بەمەبەستی گرتنەبەری هاکاری یاسایی بەرامبەر هەمو ئەو کەس و لایەنانەی پابەندی نەبن و بڕیارەکان نەبڕن".

هەر لە کۆبونەوەکەدا، پارێزگاری هەولێر وتی، "لەسبەینێوە هەمو هاکارەك بگیرێتەبەر بەرامبەر هەمو ئەوانەی کە ژینگە پیس دەکەن، هەر لە داخستن تاوەکو دەستگیرکردن، هەر شونكێك ببێتە هۆکاری پیسبونی ژینگە، لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت و بێ ئەوپرسەش چاوپێشی لە کەس نەکرێت".

لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیشدا ئومێد خۆشناو وتی، "دو ساڵ بەر لە ئێستا باس لە بونی نزیکەی 200 پاڵاوگەی نایاسایی لە سنوری پارێزگای هەولێر دەکرا، بەڵام ئەمڕۆ ئەو پاڵاوگەنە نایاساییانە سزادراون و هەندێکیان کاریان وەستاوە".

هاشیگەیاند، " لە مانگی (ئاب/8)ی ساڵی ڕابردو 138 پاڵاوگەی نایاسایی لە سنوری پارێزگای هەولێر هەبون، کە پێیان دەگوترێت پاڵاوگەکانی بەشی دوەم، لە بەردەوامی هەوڵەکانمان، زۆرینەیان ئەو پاڵاوگانەی داخراون بەتایبەت ئەوانەی بونەتە هۆکاری پیسکردنی ژینگەی شارەکەمان، تەنیا لە چەند ڕۆژی ڕابردودا نزیکەی 50 پاڵاوگەی نایاسایی داخراون کە تەواو کاریگەرییان لەسەر پیسکردنی ژینگەی هەولێر هەبو، هیچ یەك لەو پاڵاوگانەی ئێستا نەماون، ئەو پاڵاوگەیانەی ئێستاش ماون بەپێی مەرجی ژینگەیی کار دەکەن".

ئەوەشیخستەڕو، "هەمو هاکارێك بەرامبەر ئەوانەی دەگیرێتەبەر کە ژینگە پیس دەکەن، لە داخستن و دەستگیر کردن، خەڵکێکی زۆریش لەسەر پیسکردنی ژینگە دەستگیر کراون، هەر شونكیش ببێتە هۆکاری پیسبونی ژینگە، لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت و چاوپێشی لەگەڵ ناکرێت".